# گەل ڕۆژی

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (196) یەکشەممە 2007/10/21


## هیلاری ببێتە سەرکۆماری ئەمریکا کێشەی کوردو تورک چارەدەکات

**بیل کلینتن** سەرۆکی پێشووی ئەمریکا پێیوایە ئەگەر هاوسەرەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێ، دەتوانێ کێشەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بێ شەڕ چارەسەربکات. کلینتن کە بۆپێناساندنی کتێبێکی خۆی بە ناوی "پێدان" سەردانی فەرەنسای کردووە بە ڕۆژنامەی **(لێ فیگارۆ)**ی بەە گوتووە: ئەگەر هیلاری ببێتە سەرۆکی ئەمریکا بە بێ ئەوەی پشت لە کوردەکان بکات و بیانفرۆشێ، دەتوانێ ئەگەری شەڕو پێکدادانی نێوان تورکیا و ئێراق لە ناو ببات و کێشەکانی نێوانیان چارەسەردەکات. کلینتن گوتوویەتی : ئەگەر ئەمریکا واز لە سیاسەتی فراوانخوازی بهێنێ و ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی بگرێ، لە ماوەیەکی کورت دا بۆچوونەکانی جیهانیان بەرانبەر بە ئەمریکا دەگۆڕدرێ، ئەو کاتە ئەمریکا دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەر لە ئاشتی و ئارامی گۆی زەوی بگێڕێ.

---

- سەرۆکی سربستان وڵاتانی جیهان بە سەربەخۆیی کوردستان دەترسێنێ!
- فێرخوازانی قەڵای نوێ لەنێوان ویستی فێربوون و دووری ڕێگەدا
- پێشبڕکێی چەک و ئەگەری شەڕی 2008
- ئەو هۆکارانەی ژنان لەدەرەوەی بازنەی دەستەڵات دادەنێن

# بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکە، ئەمریکاو عێراق هاوکاری تورکیا دەکەن

## ئەگەر عێراق هاوکاری تورکیا بکات پەکەکە بۆڕیە نەوتیەکان دەتەقێنێتەوە

هەواڵەکان: وێڕای ئەوەی کە بەردەوام پارتی کرێکارانی کوردستان جەخت لەسەر پاراستنی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و ئامادەیی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا دووپات دەکاتەوە، بەڵام لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا بەرپرسێکی باڵای ئەو پارتە ڕایگەیاندووە کە ئەگەر هێزەکانی عێراق لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیادا هاوکاری بکەن ئەوان بۆڕیە نەوتیەکانی سەر سنوور دەتەقێننەوە و زیان بە بەرژەوەندی هەردوولا دەگەیەنن.

**مورد کەرەیلان** سەرۆکی کۆما کۆمەڵێن کوردستان بە ئاژانسی هەواڵی فوراتی ڕاگەیاندووە کە ئەوان بیر لە تەقاندنەوەی ئەو بۆڕیە نەوتیانەی عێراق دەکەنەوە کە بەنێو خاکی کوردستان تێپەڕدەبن بۆ بەندەری جەیهانی تورکی نەوت دەگوازنەوە.

جێگەی ئاماژەیە ئەم لێدوانەی موراد کارایلان دوای لێدوانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا دێ کە مەرجی ڕادەستکردنەوەی سێ گەورە بەرپرسی پارتی کرێکارانی کوردستانی بۆ بەغدادو واشنگتۆن دانابوو.



لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان بە **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند کەPKK زۆر لە ڕێککەوتنی نێوان بەغدادو ئەنکارا نیگەرانەو پێیوایە کە لەسەر داخوازی ئەمریکا ئەو ڕێککەوتنە دوژمنکاریە واژۆ کراوەو دەبێ هەڵبوەشێندرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکە دووپاتی کردەوە کە وڵاتانی ناوچەکە دەیانەوێ جەزائیرێکی دیکە بەڕێوەببەن، ئەمجارەیان بزاڤی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستان هەرەس پێبهێنن، نزیکبوونەوەی تورکیاو ئێران و سوریا لەو چوارچێوەیەدایە، بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانە گەریلاکان بە هەموو شێوازێک خەبات دەکەن.

**هەواڵەکان:** ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو **ڕۆبەرت گەیتس** وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاند: ئەگەر زانیاری زیاترمان دەست بکەوێ ئەوە هێزەکانی ئەمریکاو عێراق و تورکیا هێرش دەکەنە سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

گەیتس گوتی: پێموایە ئەگەر زانیاری پێویستمان دەست بکەوێ، هێزەکانی ئەمریکا هاوشانی هێزەکانی عێراق لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەدەن و مەترسی ئەو پارتە لەسەر تورکیا کەم دەکەنەوە.

گەیتس دووپاتی کردەوە کە بۆ کەم کردنەوەی مەترسیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر تورکیا، واشنگتۆن بۆ لێدانی پەکەکە هاوکاری ئەنکارا دەکات.

گەیتس نیگەرانی خۆی لەبەرانبەر ئەو گرژییە پێشان دا کە ئێستا لە بەستێنی هەوڵ دان بۆ ناساندنی قڕکردنی ئەرمەنیەکان بە جینۆساید لە ئارادیە.

ئەوەی ئاشکرایە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنیان داوە کە بەرگری لە خاکی هەرێم بکەن و ڕێ لە لەشکرکێشی تورکیا بگرن، بەڵام نازاندرێ ئەگەر هێزەکانی عێراق و ئەمریکا هاوکاریان لەگەڵ تورکیادا کرد ئاکام چی دەبێ، ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوکات شەڕی هەموان دەکات یان تەنیا ڕووبەڕووی سوپای تورکیا ڕادەوەستێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیوست ناوی ئاشکرا بکرێ بە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند: هێزەکانی عێراق و ئەمریکا بۆ ئەوە هاوکاری سوپای تورکیا بکەن تا ڕێگەی نەدەن بێتە ناو قوڵایی خاکی هەرێم و شارەکان داگیر بکات و خۆی لە کەرکوک نزیک بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە چاودێران پێیانوایە کە ئەمریکا لەبەرانبەر گوشارەکانی تورکیا نەرمی دەنوێنێ، چونکە ئەگەر تورکیا بنکەی ئەنجەرلیک دابخات، کۆمەکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق سەخت دەبێ، کێشەو گرفتەکانی گەورەتر دەبێتەوە. بەوهۆیەوە دەیەوێ دڵی تورکیا ڕابگرێ و لە لێدانی بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا هاوکاری بکات.

هەر لەو بەستێنەدا **جەمیل چیچەک** جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا دووپاتی کردۆتەوە کە ئەوان لەسەر لەشکرکێشی موکڕن و هێزەکانی خۆیان ڕەوانەی دەرەوەی سنوور دەکەن، ئەردۆگانیش ڕایگەیاندووە کە ئەوان چاوەڕوانیان لە ئەمریکا ئەوەیە هەنگاوی خێرا هەڵبگرێتەوە، پێشیانوایە کە بۆ لێدانی پەکەکە هاوکاریان دەکات.

## ئەردۆگان داوای چەک دانان دەکات

**ڕۆژنامەی سەباح:** دوێنێ شەممە ڕۆژنامەی سەباحی تورکی لە زاری ڕەجەب تەیب ئەردۆگانەوە داوای لە گەریلاکانی پەکەکە کردووە کە چەک دابنێن و بگەڕێنەوەشارەکان و لەگەڵ خێزانەکانی خۆیان درێژە بەژیان بدەن.

ئەردوگان گوتوویەتی ئەگەر ئەوان چەک فڕێ بدەن، بەخێرایی ناوچەکە سەقامگیر دەبێ.

لە لایەکی ترەوە ئەردۆغان ڕایگەیاندووە کە ئەوان هەموو کورد بە تیرۆریست نازانن، بەڵکو ئەگەر وا بگوترێ ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ، هەرگیز شتی نەبووە و ڕازیش نین و وازیش لە کوردە ڕەسەنەکانی هاونیشتمانمان ناهێنین،چونکە ئەوان هەر لە تورکیادا نین بەڵکو لە سوریا و لەئێرانیش دا دەژین، لە حکومەتەکەی من دا چەند وەزیرێکی کورد هەن، لە پارتەکەشمدا نزیکەی 50 پارلەمانتاری کورد نوێنەرایەتی گەلەکەیان دەکەن.

## پارتە سیاسیەکانی سوید دژی لەشکرکێشی تورکیا دەنگ هەڵدەبڕن

تایبەت **بە ڕۆژی گەل:** کاتژمێر 15.30ی ڕۆژی هەینی 2007-10-19 لە شاری ستۆکهۆڵم لەسەر داخوازی پارتە سیاسیەکانی سوید سەبارەت بە ئەگەری هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان سیمینارێک بەڕێوەچوو.

سیمینارەکە لەلایەن پارتی گەل و پارتی چەپەوە ئامادەیی بۆ کرابوو، لە باڵاخانەیABF بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە سویدی و کوردستانیان دانیشتووی ئەو وڵاتە تێیدا ئامادەببوون.

بەڕێزان فریدریک مالم ئەندام پەرلەمان و سەرکردایەتی پارتی گەل، یاکوب یۆهانسۆن ئەندام پەرلەمان و سەرکردایەتی پارتی چەپ، ئایجان بۆزئەرسەلان سەرۆکی فیدراسیۆنەکانی کۆمەڵە کوردستانیەکان، خالوق ئۆزتورک وتەبێژی هاوکاری پارتیە سیاسیەکانی کوردستان، ئەشرەف ئۆکۆمۆس و عەزیز ئالش سەبارەت بە ئەگەری هێرشەکانی تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان قسەیان کرد. هەموویان هەرەشەو هێرش و لەشکرکێشی تورکیایان بە ناڕەوا لە قەڵەم دا و داوایان کرد کە تورکیا واز لە هەڕەشەکانی بێنێ و لەشکرکێشی نەکات.

دواتر سەبارەت بەو مەسەلەیە ژمارەیەک لە ئامادەبووان پرسیاریان لە بەڕێوەبەرانی سیمینارەکە کرد و خوستیان کە حکومەتی سوید هۆشداری بە تورکیا بدات و هاوسۆزی لەگەڵ کوردستان بنوێنێ.

ئامادەبووانیش بەڵێنیان دا کە داخوازیەکانیان بە جێگەی خۆیان بگەیەنن.

لە کۆتاییدا بە ناوی سیمینارەکەوە هێرش و لەشکرکێشی تورکیا مەحکوم کرا

## ڕۆژەڤ

ڕۆژ دوای ڕۆژ سەرانی تورکیا هەڕەشەکانی خۆیان چڕو داغ تر دەکەن، سەری زمان و بنی زمانی بەرپرسانی ئەنکارا ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە کە چەرخی مێژوو بۆ دواوە ناگەڕێتەوەو کەس ناتوانێ بە ژێری 500 ساڵ لەمەوبەرەوە لە کێشەو ئاریێشەکانی دەوروبەر بڕوانێ، بەپرسانی **ئەنکارا**ش دەزانن کە ئیتر ناتوانرێ لە چاوی سوڵتان و خەلیفەکانی **ئەستانە**وە سەیری نەتەوەکانی دیکە بکرێ، بەڵام ئایا چۆن ئەنکارا دەیەوێ مەرج و باندۆرەکانی خۆی بسەپێنێ ؟! داوای ڕادەستکردنی گەورە بەرپرسانی پارتی کرێکارانی کوردستان بکات؟! چاو لە کورد سوور بکاتەوەو لێی بخوازێ دەست لە مافەکانی خۆی هەڵبگرێ و لە خواستە نەتەوەییەکانی خۆی پاشەکشە بکات؟!

ئێستا ئەنکارا بۆ ئەوە تێدەکۆشی تا کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە، خەمی ئەوە دەخوات گەلی کوردستان لە باشووری نیشتمانەکەیدا بە ڕزگاری و سەربەخۆیی نەگات، بەڵام بەبێ داگیرساندنی چرای سەوزی ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە ئەو بیرکردنەوەیە ئاسان نیە. ئەگەر ئەنکارا لە ژێرەوە ئۆکەی واشنگتۆن و هاودەستانی خۆی مسۆگەر نەکردبێ نەک هەر ناتوانێ ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی بکات، بەڵکو بوێری ئەوە ناکات لە خەونیشدا هەڕەشەکانی خۆی دووپات بکاتەوە.

هەرچەندە کە ئەنکارا خۆی گێف دەکاتەوە، هێزەکانی خۆی لەسەر سنووری باشووری کوردستان مۆڵ دەدات، گوندو ئاواییەکان تۆپباران دەکات و هەوڵی تیرەکردن دەدات، کەچی بەغداد بە خەمساردیەوە لە هەڕەشەکان دەڕوانێ و بە هاشوهوشی دەچوێنێ، واشنگتۆنیش لە ڕاگەیاندندا ئامۆژگاری ئەنکارا دەکات.

بەلێک گرێدانەوەی سەری ئەو هاوکێشانە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پیلانێکی ژەهراوی و دوژمنکارانە دژ بە گەلی کوردستان بەڕێوەیە، گەرەکیانە بە خشکەیی شەڕی کورد بە کورد زیندوو بکەنەوە، ئەو دەستکەوتانەی بەرهەم هاتوون بچووک بکرێنەوە، دەرفەتی هەڵکەوتوو لەبار بچوێنن، کوردستانیان لەگەڵ گرفت و ئاریێشێکی نەویستراودا ڕووبەڕوو بکەنەوە، مەیلی سەربەخۆخوازانی کوردستان لار بکەنەوەو بەرەو بەغداد و ناوەندەکانی دیکە پەلکێشیان بکەنەوە.

خۆشبەختانە گەل هۆشیارە، لێبڕاوانە بۆ بەرخۆدان و بەرگریکردن خۆی ئامادە دەکات، بە وەرەیێکی بەرزەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی داگیرکەران و ناحەزان ڕادەوەستێ، پشت بە ویست و ئیرادەی خۆی دەبەستێ، لە هێزە سیاسیەکانیش دەخوازێ کە ڕیزەکانی خۆیان پتەوو بەهێز بکەن. با خەڵکی کوردستان بە کورد و ئاشوری و تورکمانی و کلدانیەوە لە دەوری سروودی **خۆشم دەوێی نیشتمانم**، کۆببنەوەو، بەڵێن بۆ نیشتمانەکەیان نوێ دەکەنەوە.

## UN بیر لە بڕیارەکەی تورکیا دەکاتەوە

**هەواڵەکان:** دوێنێ شەممە 2007-10-20 بان کی مۆن سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ئەوان بیر لەو بڕیارە دەکەنەوە کە پەرلەمانی تورکیا داویەتی و ڕێگە بە سوپا دەدات ئۆپەرسیۆن لەدەرەوەی سنووری وڵاتەکەی ئەنجام بدات، بەوهۆیەوە داوای لە تورکیا کردووە خۆی لە لەشکرکێشی بۆ ناو هەرێمی کوردستان بپارێزێ.

وێڕای ئەوەش بان کی مۆن پەسنی تورکیای کردووەو ئامادەیی خۆی بۆ خۆشکردنی پێوەندی لەگەڵ تورکیا پێشان داوە.

بان کی مۆن سکرتێری گشتی UN لەلایەن خۆیەوە داوای لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە درێژە بە پێوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ ئەنکارا بدەن و ڕێگە نەدەن لە نێو خاکی ئەوانەوە هێرش بکرێتە سەر تورکیا.




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com